# ئاشکرابونێکی تر لەسەر حکومەتی مالکی:

## سەبارەت بەزیندانەکانی ئیستخباراتی بەصرە!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk



لەناو ڕیزەکانی حکومەتی مالکی و هیزەکانی هاوپەیمان لەوانە هیزەکانی بەریتانیا کەکاری لێپرسراوێتی بەصرەیان لەئەستۆدایە، پاش چوار ساڵ کەوتونەتە ئیعترافات لەسەر کاری تۆقاندن و ئینسانکوژی و ئەشکەنجەو تەقاندنەوەو تیرۆرکردن لەشاری بەصرەدا، وە زۆر بێشەرمانە باسی بونی ئەو کارانە لەتەعزیب و کوشتار بەشیوەیەکی بەرچاو لەلایەن ئیستخباراتی حکومەتەکەی مالکی لەشاری بەصرە دەکەن، کە کاری ئەشکەنجەو هێرشکردنن بەتەقەمەنی جۆراوجۆر بۆسەر خەڵکی مەدەنی لەوشارەدا ناتوانێ بشارێتەوە، مەیجەر دیفید جیل وتەبێژ بەناوی سوپای بەریتانیەوە تاکید لەبونی ئەو کەسانە دەکات لەناو ئیستخباراتی حکومەتداو هێرش کردنە سەر خەڵکی مەدەنی و هێزەکانی فرەرەگەز لەعێراق بەتەقەمەنی جۆراوجۆر، هەروەها بەردانی 37 کەس لەناو زیندانەکانی ئیستخباراتدا، لەوانە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەشکەنجەدراون.

بێگومان ئەم ئیعترافاتە بۆگەن و تاخیرانەی لایەنەکانی حکومەت و هیزە فرەرەگەزەکان پاش چوار ساڵ لەرێخستنی گەورەترین قەسابخانە لەعیراقدا، پاش چوار ساڵ لەبەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی و هەرچی شێوەی جۆراوجۆری کۆنەپەرستی و عەشایەریە، وە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پایەی ئابوری و شیواندنی کۆمەڵگا بەسەریەکدا، ئاوارەبونی زیاتر لە چوارملیۆن خەڵکی عێراق و کوشتن بەپێی هەویەتی و ئیغتصابی کچانی منال و ژنان و هێرش بۆسەر هەموو رادیکالیزمی کۆمەڵگا، پاش چوار ساڵ لەدەخالەتی راستەوخۆی دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیرانی و دروستکردنی دەیان باندی چەقۆکێش و ناردنی هێزی مادی و مەعنەوی بۆ کاری کوشتاو تێکدەرانە، بەئاشکرا هەبونی پاسدارانی ئێرانی لەگەڵ سەربازو پۆلیسی عیراقی و گەرانی ئاشکرا لەسەیارەکانی پۆلیسدا بەناو شاردا و گرتن و فراندنی خەڵکی مەدەنی و چونە زانکۆکان و زاڵکردنی فەزای ترس و وەحشەت و حیجاب، لەبەرابەر هەموو ئەوانەدا خۆکوێرکردنی هیزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمان و حکومەتەکەی مالکی لەئاستیاندا تا بەقازانجیان بوو وە ئاگرەکە لەخۆیان بەدور بوو، ئەگەر هەموو ئەوانە مۆری شەرمەزاری و قبوڵکردنی تیرۆریزم نەبێت، ئەوا بوونی زیندانە شاراوەکانی خودی حکومەت و وەزارەتەکان و هیزی ئەمریکا و هاوپەیمان، کەئینسان دزین و کوشتاری جەماعی رۆژانە بوەتە سیمای کارەکانی ئەوان لەو کۆمەڵگایەدا، هیچ شتێك ناهێڵێتەوە جگە لەقێزەونی و دژی خەڵکی حکومەتی مالکی و پەیامێك کەئەمریکاو هاوپەیمانانی هەیبوو بۆ خەڵکی عێراق.

ئەگەر بەمشەخەصی وەزارەتەکانی حکومەتە دەستکردەکەی مالکی وەرگرین، ئەوا عێراقیان هەمووی کردۆتە زیندان بۆ خەڵکی عێراق، بەدوای ریسوابونەکانی هیزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان لەبونی جۆرەها ئەشکەنجە و کوشتن لەزیندانەکانی ئەبوغریب، بەدوایدا زیندانەکانی وەزارەتی داخلی، لەچادریەو چەند شوینی تر، ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی داخلیەوە نەك تەنیا خەڵکیان دەدزی و سەرنگونیان دەکرد، بەڵکو ڕۆژانە دەیان لاشەی دەست و چاوبەستراویان بەکوژراوی فرێدەدا لەناو شارو کوچەو کۆلانەکاندا، فەزاری ترس و تۆقاندنیان بەسەرسەری خەڵکەوە بەجۆرێك زاڵکردوە، کەخەڵك تەنها ژیانی خۆی و خیزانەکەی رزگاربکات، ئیتر هەموو سەروەت و سامانی بەجێدێڵێت بۆ قورگی تیرنەبوی ئەو لایەنە قەومی و ئیسلامیانە. ئەگەر فەساد سەرتاپای وەزیرەکانی ئەو حکومەتەی داگرتبێت، ئەوا بونی زیندان و ئەشکەنجەو کوشتوبڕو تۆقاندن سەرتاپای

وەزارەتەکانی داگرتوە، ئەمجارە ئیتر هەر پەردەیەکی بەسەردا بدرێت، یان بەخاتری بونی کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئیراندا کەتۆندبۆتەوە بیانەوێ فشار بۆ ئێران بهێنن، لەوەی ئێران دەستدەخاتە ناوخۆی عیراقەوە، کۆمەکی میلیشیا چەکدارەکان دەکات، یان هیزە میلیشیا ئیسلامیەکان تاونبار بکەن بەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئیراندا و هێنانی پاسدارانی ئێرانی و بەکارهێنانیان لەسلکی سەربازیو وەزارەتەکانی داخلی و ئیستخباراتدا، لەکاتێکدا ئەو فەزایەیان چوار ساڵە قبوڵکردوە، ئەوا هیچ پەردەیەك نامێنێتەوە بۆ ئینسانکوژیەکانی خۆیان کەئەو فەزایەیان سەپاندوە بەسەر خەڵکدا، هەمووی سیاسەتێك بوە کەخۆیان هەیانبووە، بەر ئەنجامی سیاسەتی ئەمریکاو شوینکەوتن و بەدەپەنجە مۆرکردنی سیاسەتی ئەمریکا بووە کە ئەو میلیشیا ئینسانکوژە سیاسیانەی دروستکردوە لەعیراقدا!

هەموو ئەوانە نیشانەی فەزای بێحکومەتی و ئەزمەو فەشەلی سیاسەتی ئەمریکایە لەعێراقدا، ئەوانە ڕەنگدرانەوەی ئەوەیە کەهەموو حیزب و میلیشیاکانی ناو حکومەت و دەرەوەی حکومەت لەئیسلامی و قەومی بەعەرەب و کوردو تورکماوە لەدەوری دەوڵەتێکی قەومی و تایفی و ئیسلامی کۆبونەوەتەوە کە ماهیەتەکەی ئەوەیە، کەهەریکە چاڵ بۆئەوەی کەهەڵدەکەنێ، هەریەکە لەسەر حسابی ئەوی کە خۆی دەپارێزێ و خۆی دەهێڵێتەوەو خۆی چەکدارو دەوڵەمەند دەکات، هەریەکە کار دەکات بۆ ئەوەی لەئەمریکا زیاتر خۆی بباتە پێشەوە، هەموویشیان لەسەر خۆینی خەڵکی عێراق دەژین، هەمویان نۆکەری بۆ ئەمریکا و سیاسەتی بۆش دەکەن، تەنیا بۆ ئەوەی وەلام بەسیاسەتێك بدەنەوە کەبۆش دارێژەرێتی، لەبەر ئەوەی بەونی ئەو سیاسەتەوە ئەوان بونیان هەیە، ئەگەر لەسەر حسابی کاولکردنی کۆمەڵگای عیراق و برسی کردن و کوشتنی خەڵك نەبێت کەسیاسەتی ئەمریکا وادەخوازێت، کەی لایەنەکانی ناو حکومەتی مالکی دەیانتوانی بەخەویش لەسەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانیەوە بەخەویش جێگایەکی وایان هەبێت، بۆیە تەنیا ئەو ڕیگایە هەیە لەبەردەمیاندا لە زیندان و خوینرشتن و کوشتن، هەمویان نان لەوەزعی خوێناوی ئەمرۆی عێراقدا دەخۆن

تەنیا ڕیگایەك لەبەردەم خەڵکی عێراقدا ماوەتەوە کەخۆیان لەدەستەو دایرەی حکومەتی مالکی و هێزەکانی ئەمریکا و زیندانەکانی وەزارتی داخلی و ئیستخبارات و ئەشکەنجەو کوشتاری ئەوان  ڕزگار بکەن و دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی کۆتا بکەن، هێنانە مەیدانی ئیرادەو هێزی خۆیانەو گرێدانەوەیەتی لەگەڵ بەرەی ڕادیکال و متەمەدنی کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی دەسەلات بەدەستەوە بگرن.

2007/3/8